# فـەرهـاد شـاكـەلـی و كـتـێـبـی

# "كـورتـە چـیـرۆكـی مـۆدێـرنـی كــوردی"

## بـە زمـانـی ئـیـنـگـلـیـزی

# The Modern Kurdish Short Story

**محەمەد حەمەسالّح تۆفیق**

فەرهاد شاكەلی ناوێكی هێند دیارە لە شیعرو لێكۆڵینەوەی ئەدەبی كوردیدا، كە لێرەدا رەنگە پێویست نەبێت ئێمە باسی بكەین‌و مۆركی ئەو زۆر بە قووڵی بە بوارەكەوە دیارە. فەرهاد لە كۆتایی شەستەكان‌و سەرەتای حەفتاكانی سەدەی بیستەمەوە و بە بڵاوكردنەوەی كۆمەڵە شیعری *"پرۆژەی كوودەتایەكی نوێ"* دەستی پێكردو دواتر گەلێ بەرهەمی ناوازەی شیعرو

چیرۆك‌و لێكۆڵینەنەوەی بەدوادا هات. فەرهاد لەنێو ژان‌و شكست‌و قەدەری تائێستاش بە ئاكام نەگەیشتووی سیاسەتی ناسیۆنالیزمی كورددا، هەر زوو لە هەرەتی لاوێتیداو لە ساڵی 1975وە ئاوارەو دەربەدەری وڵاتان بوو. لە كۆست‌و تاریكی و زوڵماتی سەختی ئەو رۆژگارەدا گەلێ كەس نائومێد بوون و دەسبەرداری خەون‌و خولیاكانیان بوون، وەلێ فەرهاد، سەرباری دەردی ئاوارەبوون، كە هەركەسێك ئەزموونی نەكردبێت نازانێت چ دەردێكی تاڵ و سەختە و ئەو هەرچەندە لە بەردەوامیدان بە ئەزموونی هەڵكشان و داكشانی سیاسەتی كورددا شكستی هێناو لەم رووەوە هاوچەشنی زۆرە، بەڵام لە بواری ئەدەب‌و شیعرو زمانەوانی و رۆژنامەنووسیدا بوو بە ئەستێرەیەكی درەوشاوەو ساڵانێكە وەك مامۆستاو توێژەر لە زانستگەی ئەپسالا لە سوێد گیرساوەتەوەو بەشێوەیەكی ئەكادیمی پەرە بە بەهرەو تواناكانی دەدا لەو بواری ئەدەبی كوردیداو بە تایبەت شیعرو لێكۆڵینەوەو دوا بەرهەمی لێكۆڵینەوەیەكی ورد و بابەتییەلە سەر كورتە چیرۆكی كوردی، لە كتێبێكدا بە ناوی"كورتە چیرۆكی مۆدێرنی كوردیThe

"Modern Kurdish Short Story"، کە لە کۆتایی ساڵی 2016دا لەلایەن زانستگەی ئەپسالاوە بڵاوکراوەتەوە.

کتێبەکە نزیکەی سەد لاپەڕەی قەبارە گەورەیە بە زمانی ئینگلیزیو لە سەرەتاوە بەم شێوەیە کورتە ناساندنێك دەخاتەروو.

"ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشکی خستووەتە سەر کورتە چیرۆکی کوردیو لە دیدگەی مێژووی ئەدەبەوە خوێندنەوەی بۆ کراوە. بارودۆخی سیاسیی رووداوەکان لە کوردستانداو ئەو ژینگەو دۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتییەی بەدوایدا هاتن بێ ئەملاوئەولا کاریگەریی بەهێزی خۆیان لە سەر کورتە چیرۆکی کوردی داناوە لەڕووی ناوەرۆكو ستایلو زمانەوە. بنەچەی کورتە چیرۆکی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم، بەڵام پەخشانی کوردی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵداوەو چەند نموونەیەکی کەمی پەخشانی کوردیی ئەو سەردەمە لەبەردەستدان لەهەموو روویەکەوە ناچنە خانەی ئەدەبەوە.

رۆژنامەگەریی کوردی رۆڵێکی سێنتراڵی بینیوە لە گەشەکردنی کورتە چیرۆکداو بنەمای هونەری کورتە چیرۆکی کوردی راستەوخۆ پەیوەندیدارە بە

ڕۆژنامەگەریی کوردییەوەو ئەم گەشەکردنەش دابڕاو نیە لەو هەوڵە بەرچاوانەی وەرگێڕانی کورتە چیرۆکەوە لە زمانەکانی ترەوە بۆ کوردیو بەتایبەتیش لە زمانە ئەوروپییەکانەوە.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە کورتە چیرۆکی کوردی لە دەستپێکردنی بەراییەوە تا سەرەتای یەکەم دەیەی سەدەی بیستو یەك.

دەستەواژە بنەڕەتییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەمانەن:

ئەدەبی کوردی، کورتە چیرۆکی کوردی، ڕۆژنامەگەریی کوردی، فۆرمو ناوەرۆکی پەخشانی کوردی.

بەگشتی لێکۆڵینەوەکە بێجگە لە وتەیەکی بەراییو پێشەکییەکی تێروتەسەلو سیستەمێکی خوێندنەوەی راستو دروستی دەقە کوردیو عەرەبیو فارسییەکان ئەم بەشانەی لەخۆگرتووە:

## 1 ـ پاشخانێکی مێژوویی‌و بیبلۆگرافی

أ ـ پەخشانە بەراییەکان

ب ـ ڕۆژنامەگەری

ج ـ چیرۆك گێڕانەوەی مۆدێرن

1 ـ سەرەتایەکی ئەزموونگەرایی(1913 ـ 1939)

2 ـ نەوەی گەلاوێژ(1939 ـ 1949)

3 ـ نووسەرە پەپیولارەکان (1950 ـ 1969)

4 ـ نەوەیەکی نوێ(1970 ـ      )

## 2 ـ ناوەرۆکی کورتە چیرۆکی کوردی

أ ـمێژووی گەلی کورد

ب ـ تێکۆشانی جوتیارانو گوندنشیانو خەڵکانی تری زەحمەتکێش

ج ـ خەباتو تێکۆشانی رزگاریخوازی کورد

د ـ مەسەلەی ژنان

ه ـنیمچە گەشەکردنو دواکەوتن

## 3 ـ فۆرم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا

أ ـ فۆرمی دەرەکی

ب ـفۆرمی ناوەکی

ج: زمانو شێوەکانی دەربڕین

## 4 ـ کورتە چیرۆکی کوردی 1988 ــ 2000: ئاپدەتێك

أ ـ پاشخانێکی سیاسی

ب ـ کورتە چاوپێداخشاندنێك بۆ کارو بەرهەمی هەڵبژاردەیەك لە نووسەران.

## 5 ـ ئـەنـجـام

لەگەڵ بیبلۆگرافیایەك بۆ ناوی نووسەرانو بەرهەمەکانیان.

من لێرەدا کورتەیەك لە ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوە وردو ئەکادیـمییەی فەرهاد شاکەلی دەگوێزمەوە وەك ناساندنو ئاشناکردنی خوێنەری کورد بەم کارەی کاك فەرهاد، کەوا تێزێکە داوێتی بە زانستگەی ئەپسالا لە سوێد بە مەبەستیوەرگرتنی بڕوانامەیەکی زانستیی کە زانستگەی ناوبراو بە پلەیەکی خوار دکتۆرای دادەنێت، لەکاتێکدا کەوا گەلێ لە زانستگە یان زانکۆکانی دیکەی ولاَتانی ئەوروپا لە سەر تێزێکی ئاوا بڕوانامەی دکتۆرا دەدەن. من دلّنیام کە فەرهاد شاکەلی ئەوەندە پەرۆشی ئەو پیتی دالە نیە لە پێش ناوەکەیەوەو گرنگ لای ئەو بەرهەمی وردو زانستییانەیە کە ئەنجامیاندەدات،چەشنی ئەم کارەی کەوا گەڕان و بەدواداچوونو پشوودرێژییەکی زۆری پێوە دیارە.

**لە دەسپێك و بەراییدا فەرهاد دەڵێ:**

"ئەم لێکۆڵینەوەیە باسو خواسو مێژوویەکی خۆی هەیەو بەشی هەرەزۆری لە سەرەتای ساڵانی 1990 کاندا نووسراون. لەو دەمەدا کەشوهەوای سیاسیو فەرهەنگی لە کوردستاندا هێجگار نالەبار بوو، لەبەرئەوە کارم لەو بەرهەمانە دا کرد کە تا ساڵی 1988 نووسرابوون، ئەو ساڵەی کەوا

ستەمکارییەکی هێجگار ترسناك لە کوردستاندا بەرپا کرا. چەند ساڵێك پاشتر پەرەسەندنی خێرا هاتە ئاراوەو ئەنجامی گەورەی لێکەوتەوە لەهەردوو باری سیاسیو فەرهەنگییەوە. کۆی بەرهەمی کورتە چیرۆکی کوردی لەدوا دەیەی سەدەی بیستەدا بەشێوەیەك جۆراوجۆر و بەربڵاو بوو، بەجۆرێك کاتێ کە من لێکۆڵینەوەکەم ئامادە کرد بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بڕوانامەکەم لە ساڵی 2002دا، درکم بەوە کرد کە پێویستە بەشێکی نوێی بۆ زیاد بکەم کەوا مامەڵە لەگەڵ ئەم سەردەمە بێ پێشینەدا بکات.

من ئێستا کە ئەم بابەتە وەك کتێبێك ئامادە دەکەم بۆ بڵاوکردنەوە پاش نزیکەی چواردە ساڵ، هەستێکی وام لا پەیدابووە کەوا بابەتگەلێك هەن پەیوەندیدارن بە ئەدەبی کوردییەوەو پێویستیان بە راڤەکردنو رونکردنەوەیە. ئەم مەسەلانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا جێیان نابێتەوە بەڵام دەکرێ لە سیاقی تردا باس بکرێن لە بواری گفتوگۆکردن لە سەر ئەدەبی کوردی".

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەدا رووناکی دەخاتە سەر بارودۆخی کوردستان لە سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانەوەو هەلومەرجی گەشەکردنی فەرهەنگ تێیاندا لەژێرناوی *"کوردستانێکی نیمچە سەربەخۆ" دا* و دەڵێ:

"لە ساڵانی سەرەتای نەوەتەکانەوە تائێستا قۆناخێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ کوردستانی عیراقو لەهەمان کاتیشدا بۆ پارچەکانی تری کوردستان.

دامەزراندنی هەرێمێکی نیمچە سەربەخۆی فیدراڵو هەوڵدانی بەردەوام بۆ چێکردنی دەزگاو دامەزراوە سیاسیو ئابووری و فەرهەنگییەکان بەرچاون.

ئێستا لێرە دەزگای لە ژمارە نەهاتووی فەرهەنگیو کولتووریو خوێندن هەن چەشنی: ئێستگەکانی رادیۆو تەلەفزیۆن، گۆڤارو رۆژنامەکان، زانکۆ، رێکخراو، سەنتەر، خانەی چاپو بڵاوکردنەوە، پێشانگای کتێبو تاد.

ئازادیی ڕا دەربڕین، تاڕادەیەك رێزی لێدەگیرێتو حکومەت بە دەستبڵاوی پاڵپشتی نووسەرانو هونەرمەندان دەکات. هەرێمەکەش بەتایبەتی بووە بە پەناگەی حەوانەوەی هەزاران کوردی پارچەکانی تری کوردستانو لەنێویاندا ژمارەیەکی زۆری جەنگاوەرانی ئازادیو قوتابیانو نووسەرانو هونەرمەندان هەن.

پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆژیای زانیاری کاریگەریی ئەو سنوورانەی کز کردووە کە پارچەکانی کوردستانی لێکجیاکردووەتەوەو رۆشنبیری فەرهەنگی بەرهەمهاتوو لە هەر بەشێکی کوردستاندا کوردی بەشەکانی تری تێدا هاوبەشەو پەخشی تەلەفزیۆنی سەتەلایتو ئینتەرنێت وای لەهەموو کورد کردووە لەهەر کوێیەکی دنیا بێتو ئاگایان لەیەکتر بێتو خوێنەری کورد لە هەر شوێنێکی دنیا بێت دەتوانێت بگاتە ئەو گۆڤارو رۆژنامەو کتێبانەی کە لە کوردستان چاپو بڵاو دەکرێنەوە یان هەر بابەتێك بە کوردی بڵاو بکرێتەوە لەهەر شوێنێك.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێ پێ لەوە بنرێت کەوا بەڵگەو ئاماژەگەلێك هەن پێویستە بە جیددی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەوەی کە زۆر پەیوەندیدارە بە سیاقی ئەم لێکۆڵینەوەوە نەبوونی سیاسەت و پلانێکی فەرهەنگیو زمانەوانییە. رەنگە جێی سەرسوڕمان بێت ئەگەر بزانین کەوا ژمارەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارە هەفتانەو مانگانەو وەرزیانە لە شەش سەد تێپەڕیوە، کە بەشێوەیەکی نابەجێ نەگونجاوە بۆ دانیشتوانێکی ژمارە کەمی نزیکەی شەش ملیۆن کەس کەوا ئاستێکی بەرزی نەخوێندەواریی تێدایە.

کاریگەریی هەندێك بواری رووکەشانەی فەرهەنگی رۆژئاوایی بەرچاو دەکەوێت لە ژیانی رۆژانەی خەڵكو بەرنامەکانی زۆربەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکاندا.

دۆخی زمانی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو داروخاوە لەبەرئەوەی بشێوی باڵی کێشاوە بەسەر دامودەزگاکانی ماسمیدیاو خوێندنو فێرکردندا. نەوەیەك لە قوتابیو خوێندکار پەروەردە کراوە کە هیچ زمانێك نازانن زمانێکی کوردیی سەقەتو هەژاری لێبترازێت. ئەو بابەتانەی چاپو بڵاودەکرێنەوە پڕن لە هەڵەی زمانەوانیی رێزمان و رێنووسو چاپ. بێجگە لەوەش گەلێ لە رۆژنامەنووسو نووسەران هەمان دەقو بابەت لە چەندین گۆڤارو رۆژنامەدا بڵاو دەکەنەوەو بۆ هەر یەکەشیان پاداشت وەردەگرن.

دۆخی گەندەڵی، کە بووەتە بناغەی زۆرێك لە بوارەکانی ئیدارەی کوردی، زۆر روونو ئاشکرایە تەنانەت لە بوارەکانی فەرهەنگو پەروەردەو فێرکردندا.

نووسەرانی ئەم نەوەیە بەتایبەتی پەرۆشن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بیرۆکەی چیرۆکەکانیاندا لە دیدێکی نوێوەو جیاواز لەو دیدو بۆچوونانەی کە لەلایەن نووسەرانی نەوەکانی پێشووەوە بەکار دەبرا".

پاشان نووسەر هاتووە باری ئەدەبو چیرۆکی کوردی لە یەکێتیی سۆڤێتی جاراندا تاوتوێ کردووەو لەم رووەوە دەڵێ" کوردەکانی یەکێتیی سۆڤییێتی جاران لە دەیەی سێهەمی سەدەی رابوردوودا ئەدەبی کوردیی"خۆیان" دامەزراند کە نزیکەی شەست ساڵی خایاندو بە ڕووخانی سیستەمی سۆڤێتی ئەمیش لەناوچوو. کورد وەك کەمینەیەکی ئیتینکی هەندێك لە مافە کولتوورییەکانیان بەدەستهێنابوو لە چوارچێوەی کۆمارەکانی ئەرمینیاو جۆرجیادا، لەکاتێکدا کەوا کۆمارە تورکەکەی ئازەربایجان نکوولّی لە بوونی کورد دەکرد لەوێ. ئەم مافانە چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب بە کوردیو خوێندن بە زمانی کوردی دەگرتەوە لە قوتابخانەکاندا بۆ ماوەی چەند سەعاتێك لە هەفتەیەکدا. سوودی ئەم بارەش تێکەڵ بوون بوو لەگەڵ کولتوورو زمانە جیاجیاکانداو تێگەیشتن بوو لە ئەدەبی رووسی، چونکە زمانی رووسی زمانی رەسمیی هاوبەش بوو بۆ هەموو گەلانی یەکێتی

سۆڤێت.نووسەرە کوردەکانی یەکێتی سۆڤییێتو ئەو ئەدەبەی دایانمەزراندبوو دوو کۆسپیگەورە رێگەی لێگرتبوون، یەکەمیان وەك هاووڵاتی سۆڤێتی ئازادیی ئەوەیان نەبوو پەیوەندی لەگەڵ کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستاندا ببەستن چونکە ئەلفبێی سیریلیك (سلاڤی) بەسەر زمانەکەیاندا سەپێنرابوو کە وایلێکردبوون مەحاڵ بێت هیچ ئەدەبێکی کوردیی تر بخوێننەوەو کوردی دیکەش نەتوانن ئەو ئەدەبە بخوێننەوە کە ئەمان بەرهەمیان دەهێنا. بەم پێیە ئەدەبی کوردەکانی یەکێتیی سۆڤییێت هەر بە ئەدەبێکی لۆکاڵی مایەوەو هەرگیز نەبوو بە بەشێکی گرنگو تەواوکەری ئەدەبی کوردیی گەورە.

هەر لەم پێشەکییەدا، نووسەر سەبارەت بەو کوردانەی بە عەرەبی یان فارسی یان تورکی بەرهەمی ئەدەبییان هەیە بەراوردیان دەکات بەو عەرەبە مەغریبی یان جەزائیری یان لوبنانیانەی بە زمانی فەرەنسیی ئەدەبیان بەرهەمهێناوە یان ئەو هندییانەی بە زمانی ئینگلیزی ئەدەبیان بەرهەمهێناوە. ئاخۆ ئەو ئەدەبەی کەسێك بە غەیری زمانی نەتەوەکەی خۆی بەرهەمی هێناوە دەچێتە خانەی ئەدەبی ئەو نەتەوەیەوە یان ئەو

وەلامە هێشتا هەر مشتومڕی لە سەرەو تائێستا بە تەواوی ساغ نەبووەتەوە.

نووسەر هەر لەم بەشەداو لەبری ئەنجامگیرییەك دەڵێ:

"بە دەگمەن لێکۆڵەرێك لە مێژووی ئەدەبی گەلانی جۆراوجۆردا ئەدەبێك دەدۆزێتەوە کەوا چەشنی ئەدەبی کوردی بارودۆخی سیاسی بەسەریدا زاڵ بێتو بەشێکی سەرەکی بێت لە پێکهاتەی.

ئەم دیراسەیە هەوڵێك نیە بۆ بەرجەستە کردنی ئەم وێنە بە ئەندازەی ئەوەی رووماڵێکە بۆ قۆناخە جیاوازەکانی پەخشانی هونەریی کوردی لە مێژوودا.لەم رووەوە سەرەتای سەدەی بیستەم خاڵێکی وەرچەرخانە بۆ لەدایکبوونی پەخشانی هونەری وەك چۆن لە کورتە چیرۆکدا رەنگدەداتەوە.

کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم گۆڕانێکی جۆری بەخۆوە بینی لە هۆشیاریی سیاسییو کولتووریی کورددا، کە تێیدا حیزبو رێکخراوی سیاسی پێکهاتنو ئەمانەش بە رۆڵی خۆیان رێگەیان بۆ بزووتننەوەی چەکداری خۆش کرد بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان. قۆناخەکانی پاشتر

دامەزراندنی پەیوەندیی نێوان رۆشنبیرو نووسەرانی کوردو فەرهەنگە بیانییەکانی تێدا دەستەبەر بوو کەوا کاریگەرییان هەبوو بە دەرکەوتنی تەوژمو بزووتنەوە هاوچەرخەکان لە ئەدەبی کوردیدا.

باوەڕێکی چەسپیو لەنێو سیاسەتمەدارانی کورددا هەیە کەوا ئەگەر سەدەی بیستەم ئەو سەدەیە بووبێت کە کورد تێیدا گرفتاری دەلڕەقانەترین ستەم و چەوسانەوە بووبێت لە سەر دەستی حکومەتە جۆراوجۆرەکاندا و خەسڵەتی کۆمەڵکوژیی جیاجیاو شاڵاوەکانی جینۆساید بووبێت، ئەوە سەدەی بیستو یەك پێدەچێت ببێتە سەدەی گەلی کوردو لە دایکبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی کورد یان چەند دەوڵەتێکی کوردی بەخۆوە دەبینێتو ئومێد دەکرێت کەوا مێژوو مامەڵەی دادپەروەرانەی ئەم گەلە بکات پاش ئەو مەینەتییەی بەسەریدا هات بۆ چەندین سەدە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە.

...ئەوەی کە زۆرجێی نیگەرانییە سەبارەت بە دۆخی فەرهەنگیو زمانەوانی لە کوردستاندا نەبوونی پلانو سیاسەتێکە کە بتوانێت هەموو ناتەواوییەکان چارەسەر بکات".

نووسەر لە پێشەکییەکی ورددا رووماڵی قۆناخە مێژووییەکانی چیرۆکی کوردی دەکات و گەشەکردنی لە کۆتایی سالآنی 1800کاندا پاش دەرکردنی رۆژنامەی"کوردستان" لە ساڵی 1898داو ئاماژە بە رۆڵی کاریگەری رۆژنامەگەریی کوردی دەکات لە سەر دوو بوار کە یەکەمیان گەشەپێدانی هۆشیاریی سیاسیی لەنێو کورددا و دووەمیان گەشەپێدانی زمانو فەرهەنگی کوردی.

لێرەدا بە وردی دێتە سەر باسی هەموو ئەو رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی لەهەر لایەکی کوردستانو شوێنانی تر دەرچوویێتو کاریگەرییان لە سەر گەڵاڵەکردنی پەخشانی کوردی بە ئاراستەی چیرۆکی هونەری و تەواوی ناوی ئەو چیرۆکنووسو نووسەرانە دەهێنێت لەگەڵ بەرهەمەکانیانو کاریگەرییان لە سەر پەرەسەندنی چیرۆکی کوردی بەپێی قۆناخی جیاجیای مێژووی کورتە چیرۆکی کوردیو گەشتێکی ورد و شیکارانەی بەنێو تەواوی ئەو سەرچاوانەدا کردووە کەلەسەر چیرۆکی کوردییان نوسیوەو دەیان نووسەر لە قۆناخی جیاوازدا قسەی لە سەر کردوونو راڤەی بەرهەمەکانی کردوون. نووسەر لە ڕووی قۆناخبەندیی دە ساڵ دە ساڵدا بۆ مێژووی چیرۆك رایەکی جیاوازی

هەیەو دەڵێ: " لەڕووی نەریتییەوە بۆ دابەشکردنی کورتە چیرۆکی کوردی بۆ قۆناخی دە ساڵ دە ساڵ، ئەوە من ئەم میتۆدە رەتدەکەمەوەو دەسنیشان کردنی هەر نەوەیەك بە ڕەچاوکردنی چیرۆکنووسان لەچیدا هاوبەشن سەربارەت بە گەشەکردنو ناوەرۆکی چیرۆکەکان. گەلێ چیرۆکنووس هەنو بەتایبەتی ئەوانەی لە ساڵانی 1950 کانەوە دەستیان بە نووسین کردووەو لە ماوەی ساڵانی شەستەکانو حەفتاکاندا چالاك بوونو راستێکەی لە ساڵانی 1980 کانیشدا. ئەمە بەڵگەیە کەوا پۆلێن کردن بەپێی دەیە راستییەکی ئەوتۆی تێدانیە.

من کاتێ لەبارەی قۆناخە جیاجیاکانی گەشەکردنی کورتە چیرۆکی کوردییەوە قسە دەکەم هەوڵمداوە ئەم گەشەکردنە ببەستمەوە بە بارودۆخی سیاسیی ئەو سەردەمەوە.

لەهەر لێکۆڵینەوەیەکدا لە سەر ئەدەبی کوردی بە بەهایی پێویستە باری سیاسیی کورد رەچاو بکرێت چونکە داگیرکردنو دابەشکردنی کوردستان هەمیشە کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەبووە لەسەر ژیانی فەرهەنگی".

## 1ـ پاشخانی مێژوویی‌و بیبلۆگرافی

نووسەر لەم بەشەدا زۆر بە وردی قۆناخە مێژووییەکانی کورتە چیرۆکی کوردیی باسی کردووە و لێرەدا وەك ناساندنێك ئاماژەیەکی کورتی پێدەدەین.

**أ ـ پەخشانە بەراییەکان:** بۆ سەدان ساڵ تەنها شیعر ژانری باڵادەست بووە لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام پەخشان لە سەرەتای ساڵانی 1800کانەوە پەیدا بوو. ئەو دەقانەی پەخشانی کەوا گرنگن باسیان بکرێت ئەمانەن:

1. عەقیدەی کوردیی، کە تێکستێکی ئاینییەو لەلایەن مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە (1779ـ 1827) نووسراوە.واپێدەچێت لەنێوان ساڵانی 1811و 1823 دا

نووسرابێت‌و ساڵی 1981 محەمەدی مەلا کەریم چاپ‌و بڵاوی کردووەتەوە.

2. مەولوودنامەی شێخ حوسەینی قازی(1790 ـ 1869) ئەم تێکستە بۆ یەکەمجار ساڵی 1935 بڵاوکراوەتەوە.

3. عادات‌و رسووماتنامەی ئەکرادییە، کە لەلایەن مەلا مەحموودی بایەزدییەوە نووسراوە( 1799ـ 1867).لە بنەڕەتدا بایەزدی ئەم تێکستەی بۆ رۆژهەڵاتناسی رووسی ئەلێکساندەر ژابا( 1801 ـ 1894) نووسیوەو ساڵی 1963 بۆ یەکەمجار لەلایەن مارگرێت رۆدینکۆی کوردۆلۆجیستەوە بڵاوکراوەتەوە.

4. جەمیعی ریسالەیان‌و حیکایەتان بە زمانی کورمانجی لەلایەن مەلا مەحمودی بایەزیدییەوە.

5. تەواریخی قەدیمی کوردستان، لەلایەن مەلا مەحموودی بایەزیدییەوە، کە لەبنەڕەتدا وەرگێڕانێکی کورتی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسییە(1543 ـ 1604) و

بایەزیدی ئەم تێکستەشی داوە بە ژابا و بۆ یەکەمجار ساڵی 1986 بڵاوکراوەتەوە.

6. پەیمانانو، وەرگێڕانی ئینجیلە بۆ کوردیو ساڵی 1872 لە ئەستەموولّ چاپکراوەو بە ئەلفبێی ئەرمەنییە.

**ب ـ رۆژنامەگەری**

لەم بوارەدا نووسەر باسی لەوە دەکات کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا گەلێ قوتابخانەی روشدییەی سەربازی لەو بەشەی کوردستاندا کرایەوە کە لە بندەستی ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا بوو، بۆ مەبەستی سەربازی و بێجگە لەوەش قوتابخانە ئاینییەکانو مزگەوتەکان رۆڵێکی بنەڕەتییان بینیوە لە خوێندنو فێرکردنی خەڵکی گەنجو پارێزگاری کردن لە زمانو فەرهەنگی کوردی.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا ئەستەموولّ بووە بە شوێنی کۆبوونەوەی زۆرێك لە خوێندکارانو کاربەدەستانی دەوڵەتو سیاسەتمەداران.ئەمە سەری کێشاوەتەوە بۆ بەرزبوونەوەی هۆشیاریو سەرهەڵدانی دەستەبژێرێکی رووناکبیر. لە ماوەی ساڵانی 1830کان بۆ 1870کان زنجیرەیەك راپەڕینی

کورد بەرپابووەو شکستی خواردووە. ئەم دەستەبژێرە ویستوویەتی پەند لەم رووداوانە وەربگرێتو باشتر خۆی رێکبخاتو ستراتیجییەتێکی نوێ گەڵاڵە بکات بۆ بەردەوامیدان بە خەباتو تێکۆشان. لەنێو ئەو کارو چالاکییانەدا کە ئەنجامیان دەدا پلانی دەرکردنی رۆژنامەی کوردییان دارِشت.

ئەو دەمە لەبەرئەوەی حوکمی سوڵتان عەبدولحەمید زۆر ستەمکار بووە هیچ چاکسازییەکی نەدەسەلماندو بەم پێیە بەکەم رۆژنامەی کوردی، بەناوی "کوردستان" لە 21ی نیسانی 1898دا لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخانەوە لە قاهیرە دەرکراو پاشان تا ساڵی 1902 سیو یەك ژمارەی لێدەکراو چەندین شارو وڵاتی کرد.

لە پاش جەنگی جیهانیی یەکەمو رووخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی دەستەبژێری مونەووەرانی کورد، کە ئەستەمووڵیان کردبووە سەنتەری کارو چالاکی خۆیان، گەرِانەوە بۆ کوردستانی عێراق.

لەم بەشەی کوردستاندا شێخ مەحموودی حەفید(1882 ـ 1956) بە دوو قۆناخ تا ساڵی 1924 حوکمی کردو لەم قۆناخە سەربەخۆیەی کوردستانداو پاشانیش دوای لکاندنی بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە،

ڕۆژنامەگەریی کوردی زۆر بە فراوانی گەشەی کردو دەستەبژێری ڕۆشنبیرو پاشانیش سیاسەتمەدار کاروچالاکیی باشیان ئەنجامدەدا. لێرە سەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری کاریگەریی دانا لە سەر هونەری کورتە چیرۆکی کوردیو دەرکەوتنی ئەم بوارە لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە بوو.

## ج ـ چیرۆکنووسینی هاوچەرخ

1. دەستپێکێکی ئەزموونگەرایی(1913 ـ 1939) هەموو توێژەرێك لە بواری کورتە چیرۆکی کوردیدا وای لە قەڵەم دەدا کە پەیوەندیی بە ئەدەبی ئەوروپییەوە هەیە.هەمان دیدوبۆچون لەلای فەرهەنگەکانی تری ڕۆژهەڵات هەیە. نووسەرانی کورد لەڕێی زمانەکانی تورکیو فارسیو عەرەبییەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئەدەبو ڕۆژنامەگەریی ئەوروپیدا بەستووە، چونکە تەنها لە کۆتایی ساڵانی 1800کاندا ڕۆژنامەگەریی کوردی پەیدابووە.

نووسەر لێرەدا باس لەوە دەکات کە لەپاش ڕووخانی میرنشینی بابانو تا کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەم، کوردستان ڕاستەوخۆ بەشێك بووە لە دەوڵەتی عوسمانیو زمانو ئەدەبی تورکی تێیدا باڵادەست بووەو نووسەرو

ڕۆشنبیریی کورد لەڕێی ئەو زمانەوە ئاشناییەکیان لەگەڵ کورتە چیرۆکی ئەورووپیدا پەیداکردووە. ئەوجا باس لە فاکتەرێکی تری یەکلاکەرەوە دەکات بۆ لەدایکبوونی کورتە چیرۆکی کوردی کە ئەویش ڕۆژنامەگەریی کوردییەو چۆن ڕاستەوخۆ چیرۆکی کوردی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا بڵاو بووەتەوەو باس لە هەزارو سەد کورتە چیرۆك دەکات کە لەنێوان ساڵانی 1925 ـ 1975دا بڵاوبووەتەوەو هەشتسەدی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوبووەتەوەو ئەمەش بەڵگەیە کە تا چەند گەشەکردنی چیرۆکی کوردی بەند بووە بە ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە.

ئەوجا دێتەسەر باسی ئەوەی کە تا چەند ئەفسانەو چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردی کاریگەریی گەورەیان هەیە لە سەر پەیدابوونو نەشونماکردنی کورتە چیرۆکی کوردی.هەروەها نووسەر دێتەسەر باسی ئەوەی کە تا سەرەتای ساڵانی 1980کان باوەڕ وابووە کە سەرەتای کورتە چیرۆکی کوردی لە ساڵی 1925ەوە دەست پێدەکات، کاتێ کە لەو ساڵەدا جەمیل سائیب (1887ـ 1951) چیرۆکی *"لەخەوما"* ی لە گۆڤاری *"ژیانەوە"* دا

بڵاوکردەوە، بەڵام دەرکەوت سیانزە ساڵ لەوەوپێش فوئاد تەمۆ بابەتێکی بەناونیشانی "چیرۆك" لە گۆڤاری *"ڕۆژی کورد"* دا بڵاوکردووەتەوە.

پاشان ئیشارەت بە چیرۆکێکی جەلادەت عالی بەدرخان ( 1893 ـ 1951) دەدا کە لە گۆڤاری *"هاوار"* دا بڵاوی کردووەتەوە بەناوی *"بەرتەڤنا مەحفووریێ"* و باسی لە بارودۆخی کورد دەکات لەدوای شکستی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی 1925دا. ئەوجا دێتە سەرباسی چیرۆکی *"مەسەلەی ویژدان"* لەلایەن ئەحمەد موختار جافەوە کە ساڵانی 1927 ـ 1928 نووسیویێتی و ساڵی 1970 لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوکرایەوە.

دواتر باس لە چیرۆکەکەی پیرەمێرد دەکات بەناوی *"دوانزە سوارەی مەریوان"* و لەپاڵ ئەمەشدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چەند چیرۆکێکی تری نووسیوە. هەروەها باس لە چیرۆکنووسێکی تری ئەو سەردەمە دەکات، کە محەمەد عەلی کوردییە (1898 ـ1957)و لە ناوەڕاستی ساڵانی 1930 کاندا چیرۆکێکی نووسیوە بەناوی *"دوای سەرخۆشی زۆر شێتییە"* و ڕۆمانێك بەناوی *"نازدار"* .

## 2. نەوەی *"گەلاوێژ"* (1939 ـ 1949)

لە ساڵانی 1930 کانداو تا کۆتایی جەنگی جیهانیی دووەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد پێشکەوتنی گەورەی بەخۆوە بینی. حیزبی هیواو دواتریش پارتی دیموکراتی کوردستان لەهەردوو بەشی کوردستانی عێراقو ئێران دامەزرانو بەدوایدا کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان هات. خاڵی سەرەکیش لەم سەردەمەدا راپەڕینەکانی بارزان بووو دوای ئەوەش دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لە مەهاباد. هاوزەمان لەو ماوەیەدا فەرهەنگی کورد بووژانەوەی باشی بەخۆوە بینی و کۆمەڵە شیعرو چیرۆکی *"یادگاری لاوان"* و *"دیاریی لاوان"* لە ساڵانی 1933و 1934 دا بڵاوکرانەوەو دواتر لەساڵی 1939 دا گۆڤاری "گەلاوێژ" دەرچووو تا ساڵی 1949ی خایاندو بەئێستاشەوە"گەلاوێژ" پوختترین و تۆکمەترین گۆڤاری کوردییەو کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر گەشەکردنی کورتە چیرۆکی کوردی هەبووە. نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەو سەدو پێنج ژمارەیەی گەلاوێژ کە لە

ماوەی ئەو دە ساڵەدا دەرچوو سەدو چواردە کورتە چیرۆکی تێدا بڵاوبووەوە، کەلەوانە هەشتاو دوویان وەرگێڕدراون‌و سی‌و دوویان نووسەرانی کورد نووسیویانن.لە نووسەرانی دیارو بەرچاوی نەوەی *"گەلاوێژ"* عەلادین سەجادی‌و ئیبراهیم ئەحمەدو شاکر فەتاح، کەوا چیرۆکیان تێدا بڵاوکردووەتەوە.

هەروەها گۆڤاری *"هاوار"* کە لە دیمەشق بڵاودەبووەوە، لەسێ قۆناخی جیاوازدا دەرچوو، لە ساڵانی 1932 ـ 1933،1974 ،1935،1941 ،1943و ئەمیش وەك گۆڤاری*"گەلاوێژ"* کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەر کولتووری کوردو بەتایبەتی لە سەرکورتە چیرۆکی کوردی‌و نووسەرە بەرچاوەکانی قەدری جان‌و فوئاد جەمیل پاشاو عوسمان سەبری‌و نورەدین زازا بوون، کە چیرۆکیان تێدا بڵاودەکردەوە،

**3. نووسەرە پۆپیولارەکان (1950 ــ 1969)**

لەنێوان ساڵانی 1950 ــ 1959 گەلێ گۆڕانکاریی سیاسی روویداو لە کۆتایی ساڵی 1946دا کۆماری دیموکراتی کورد لە مەهاباد رووخاو بەمەش سەنتەرێکی گرنگی سەربەخۆیی کوردو فەرهەنگی کوردی لە

دەستچوو. لە کۆتایی سالآنی چلەکاندا بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و ئۆپۆزیسیۆن لە عێراقدا بەر پەلاماری دڕندەی رژێم کەوت‌و خێزانە بارزانییەکانی بۆ باشووری عێراق راگواست‌و سەرکردەکانی زیاندانی کردن.

لەو ماوەیەدا چاپەمەنی کوردیش لەدەست سەرکوتکردنی رژێم دەرباز نەبوو. گۆڤاری گەلاوێژ کە ماوەی دە ساڵ بوو دەردەچوو داخراو تا ناوەڕاستی سالآنی 1950کان، تەنها هەفتەنامەی "ژین" دەردەچوو، کە ناوبەناو بابەتێکی ئەدەبی بلآو دەکردەوە.

نووسەر لێرەدا دێتەسەر باسی خەبات‌و تێکۆشانی کوردو حیزبە سیاسییەکانی‌و بەرەی نیشتمانیی ساڵی 1957و دواتر شۆڕشی چواردەی تەموزی 1958 و رووخانی رژێمی پاشایەتی لە عێراقداو گەرمبوونی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی کوردو پاشان کاریگەریی هەموو ئەمانە لە سەر فەرهەنگ‌و ئەدەبی کوردو لەناویشیاندا کورتە چیرۆکی کوردی.

نووسەر باس لەوە دەکات کەوا نووسەرانی ئەم قۆناخە بەبەراورد لەگەڵ قۆناخی پێشتردا دەستیان بۆ بوارو بابەتی فراوانتر دەبرد، ئەو بابەتانەی کە

لە کورتە چیرۆکی ساڵانی چلەکاندا باو بوون، چەشنی ستەمکردن لە جوتیارانو ژنان هەروا مانەوە بەڵام نووسەران بابەتی نوێی دیکەیان بۆ زیادکرد چەشنی تێکۆشانی سیاسیو بەرهەڵستی رژێمو چاوخستنەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیو تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافو بێجگە لەوەش مێژووی کورد باری سەرنجێکی باشی کەوتەسەر.

لەم قۆناخەدا ئاستی تەکنیکی چیرۆك جیاوازیی تێدایە لەنێوان چیرۆکنووسانداو وەك نموونە مستەفا ساڵح کەریمو جەمال نەبەز چیرۆکەکانیان ئاستی هونەریی بەرزیان هەبوو بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی نەوەی *گەلاوێژدا* ، لەهەمان کاتیشدا هەندێکی تریان ئاستێکی لاوازیان هەبوو لە چیرۆکنووسینداو تەنها بە ئامۆژگاری کۆتاییان پێدەهێنا.

نووسەر دێتەسەر باسی ئەو گۆڕانکارییە سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەی لە دوای رووخانی رژێمی پاشایەتی لە عێراقدا دێتەسەر ژمارەیەك لە چیرۆکنووسە دیارەکانی کورد لەم سەردەمەداو ئاڕاستەی چیرۆکەکانیان شیدەکاتەوە.

بۆنموونە باسی لە موحەڕەم محەمەد ئەمین دەکات کەوا کورتە چیرۆکەکانی خستووەتە خزمەتی ژیانو گوزەرانی شارنشینانی هەژارەوەو محەمەد مەولوود (مەم) چیرۆکەکانی لە خزمەتی مەسەلەی هەژارانی گوندو شارنشینەوە مستەفا سالْح کەریم یەك لە فراوانترین ئاستی رۆشنبریی ئەم گرووپەی نووسەران بووەو لە سەر مەسەلەی دێهاتی نووسیوە بەلاّم زۆر ئاشنا نەبووە بە ژیانی گوند. جەمال نەبەز تەنها یەك چیرۆکی درێژی بلاّوکردووتەوەو دواتر بەلای زمانەوانیو سیاسەتدا دایشکاندووە. جەمال بابان هەمان رێبازی گەلیّ لە نووسەرانی دیکەی هەبووەو کورتە چیرۆکەکانی هەولْدانی دەستکردبووە بۆ باسکردنی ژیانی جوتیارانو گوندنشینان هەروەها باسیش لە ستەمی ئافرەتان دەکات حوسێن عارف بە باشترین چیرۆکنووسی دادەنێت کە لە سالّی 1970وە بۆ ناوەڕاستی 1980کان سەنتەری بواری کورتە چیرۆك بووە.

پاشان دێتەسەر چیرۆکنووسانی کوردستانی ئێران کە لە سەرەتای 1960 کانەوە کۆمەلْێکیان دەرکەوتوون چەشنی حەسەنی قزلْجیو رەحیمی قازیو

چیرۆکەکانیان شی دەکاتەوەو باسی لەوە دەکات کە هەردوکیان زادەی

بارودۆخی کۆماری مهاباد بوون.

دواتر ئەوە روون دەکاتەوە کە لەنێو نووسەرانی ئەم قۆناخەو سیانیان زیاتر سەرنج رادەکێشن کە ئەوانیش کاوس قەفتانو محەمەد ساڵح سەعید و مارف بەرزنجیو وردتر لە سەر چیرۆکەکانی ئەمی دواییان دەوەستیٚو باس لە ستایڵی جیاوازیان دەکات.

ئەوجا دێتەسەر دۆخی کوردستان لە ئەیلولی 1961 بەدواوەو کاریگەریی چەوساندنەوەو گرتنو راوەدوونانی چالاکوانی سیاسی کوردو داخستنی گۆڤارو رۆژنامەو لە بواری کورتە چیرۆکداو ئاماژە بەوە دەکات کە لە ناوەڕاستی ساڵی 1961وە تا ناوەڕاستی ساڵی 1967 هیچ کورتە چیرۆکێکی بایەخدار نەنووسراوەو ئەو ساڵانە بە تاریکترین ساڵانی فەرهەنگی کوردی دادەنێت لە مێژووی نوێدا.

## 4 ـــ نەوەیەکی نوێ(1970 ــ )

نووسەر باسی دۆخی سیاسی ئەم قۆناخە دەکات و ئیشارەت بەوە دەکات کە لە ناوەڕاستی 1960 کانەوە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بووە بە هێزێکی سەربازیو سیاسی وا کە حکومەتی ناوەندیی عێراق نەدەبوو حیسابی بۆ نەکاتو زنجیرەیەك دانوستانی لەگەڵ کرد لەو ساڵانەداو پاشان لە ساڵی 1967 رژێمی عێراق سیاسەتێکی نوێی گرتەبەر بەرانبەر بە کوردو بەشێوەیەك لە شێوەکان هەندێ مافی سەلماندو لەڕووی فەرهەنگیشەوە رێگەی دا ژمارەیەك رۆژنامەو گۆڤار دەربکرێت کەوا گرنگترینیان ئەمانە بوون:

*برایەتی، رووناکی، رزگاریو بەیان* .هەندێك چیرۆکنووس کەوتنە بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆکەکانیان تێیاندا وەك ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، رەوف حەسەنو سەدرەدین عارف.

ئەم قۆناخە بڵاوکردنەوەی گەلێ کۆمەڵە چیرۆکی بەخۆوە بینی کە لەڕووی فۆرمو ناوەرۆکەوە چوونە خانەی ئەدەبی دوای پەنجاکانو شەستەکانو هەندێ هەوڵی نوێکردنەوەشیان تێدابوو، هەروەها کاكو بنەمای ئەو تەقینەوە فەرهەنگییەیان کە لە سەرەتای ساڵی 1970 داجێی خۆی کردەوە.

پاشان نووسەر دێتەسەر باسی قۆناخی 11ی ئازاری 1970و کەش‌و بارە کولتوورییەی هاتە کایەوەو لە دوو خاڵدا چڕی دەکاتەوە:

أ ـ بووژانەوەی دەزگا کولتوورییە کوردییەکان

چەشنی یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆری زانیاری، کۆمەڵەی فەرهەنگی، تەلەفزیۆنی کەرکوك‌و بەشی کوردی لە زانکۆکانی بەغداو سلێمانی.

ب ـ دەرکردنی تا ڕادەیەکی باش ژمارەیەك لە رۆژنامەو گۆڤار. نووسەران کەوتنە نووسین‌و بڵاوکردنەوە بە ئاستێکی گەورەو ژمارەیەك لە شاعیرو نووسەری گەنجیش لەم قۆناخەدا دەرکەوتن.

لێرەوە نووسەر دێتەسەر دەرکەوتنی بزووتنەوەی ئەدەبیی روانگەو دەنووسێت "لە بەهاری ساڵی 1970دا خوێنەرانی کورد بەرەوڕووی تەوژمێکی نوێی بەهێزی مۆدێرنیزم بوونەوە لەهەردوو بواری شیعرو پەخشاندا. ئەم بزووتنەوە نوێیە هێزو گوڕێکی دا بە مشتومڕی ئەدەبی بە

ڕۆژنامەکانداو کۆڕو کۆبوونەوەو سیمیناری زۆری لەسەر کراو هەرگیز لەوەوپێش کولتووری کوردی گفتوگۆی چڕی وای بەخۆوە نەبینیبوو".

لێرە بەدواوە ژمارەی بەرهەمە ئەدەبییەکانو بڵاوبوونەوەیان بەخێرایی زیادی کرد، چونکە ژمارەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان چەند جاران بووەوەو هەلی چاپەمەنی بە تەواوی ڕوو لە هەڵکێشان بوو. نەوەی نوێش، کە لە هەمان کاتدا بە "نەوەی هەفتاکان" ناسرابوو بەردەوام ڕۆڵی ڕابەریی دەبینی.

پاشان نووسەر دێتەسەر ماوەی نێوان ساڵانی 1975 ـ 1978، کە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردو شۆڕشی ئەیلوول شکستی هێنابوو و ڕژێمی بەعس بە زەبری ئاگرو ئاسن کونترۆڵی تەواوی کوردستانی کردبوو و بە نەفەسێکی تۆڵەئامێز هەڵسوکەوتی لەگەڵ خەڵکی کورد دەکرد. لەم دەمەدا گلۆڵەی فەرهەنگو کولتووری کوردی کەوتە لێژی و بوو بە قوربانی دەستی ستەمکاریو سانسۆری ڕژێمو نووسەرانی کورد کەوتنە ژێر فشارێکی واوە کەوا ئازادی گوزارش لە خۆیان بکەن. چاپەمەنی کوردی پڕ بوو لەو بابەتو وەرگێڕانانەی بە شانو باڵی ئایدیۆلۆجیای حیزبی بەعسیاندا هەڵدەدا.

ئەوجا نووسەر لە سەر ژمارەیەك چیرۆكنووس دەوەستێ كە لە سەر نووسینو بەرهەمهێنان بەردەوام بوون ئەگەرچی لە نەوەی پێشترنو خۆیان ماندوو كردووە بۆ نوێكردنەوەی خۆیانو دووبارە بەدەستهێنانەوەی ناوبانگو وەك نموونە مستەفا سالّح كەریمو حوسێن عارف دێێنێتەوەو بەتایبەتی زۆر لە سەر چیرۆكی حسێن عارف دەوەستێ.

دواتر دێتەسەر ژمارەیەك چیرۆكنووسی تر كە لەم قۆناخەدا ئەكتیڤ بوون چەشنی عەبدوڵڵا سەڕاجو محەمەد رەشید فەتاح و كاكە مەم بۆتانی و محەمەد فەریق حەسەنو سەلام مەنمیو تاهیر سالّح سەعیدو عەبدولا ئاگرینو چەندینی تریش.

ئەوجا نووسەر دێتە سەر باری فەرهەنگو كولتوور لەو دەمەی كوردستانی توركیادا ( 1975 ـ 1980) و بە جۆرە كرانەوەیەك باسی دەكاتو دەنووسێت "سەرباری ئەو مادانەی دەستوور كە زمانی كوردییان قەدەغە كردبوو بەڵام رژێمی توركیا زۆر گوێی نەدەدا بە بڵاوكردنەوەی ئەدەب بە زمانی كوردیو لەو ماوەیەدا كە تاڕادەیەك جڵەویان شلكردبوو ژمارەیەك گۆڤار بە هەردوو زمانی كوردیو توركی بڵاودەكرانەوە چەشنی *رزگاری*،

*ئوێزگویرلیك*(ڕێگا بۆ سەربەخۆیی)، *ڕۆژا وەلات، تیرێژ* . بێجگە لەوەش کتێبی نوێ بە کوردی چاپ دەکراو هەروەها ئەو کتێبانەش کە پێشتر لە دەرەوە چاپکرابوون جارێکیتر لەناوەوە چاپدەکران. ئەم قۆناخی کرانەوەیە کوتوپڕ لە دوای کوودەتایەکی سەربازی لە ساڵی 1980 دا کۆتایی پێهات. لە کوردستانی تورکیادا دوو چیرۆکنووس زۆر بەتایبەتی ناوبانگ بوون‌و ئەوانیش محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان و فلیت تۆتانی کە ناوی خوازراوی محەمەد گەمیچی بوو.

هاوشێوەی فلیت تۆتانی لە کوردستانی ئێراندا ئەحمەد قازی لە بواری کورتە چیرۆك نووسیندا ناوی دەرکردو زیاتر لە بواری کورتە چیرۆکی ساتیرا دەینووسی.

## 2 ـ ناوەرۆکی کورتە چیرۆکی کوردی

دیسان لێرەدا بەشێك لەو راوبۆچوونانەی كاك فەرهاد شاكەلی دەگوێزمەوە كە لەم بەشەی كتێبەكەیدا باسی لێوە كردوون‌و دەنووسێت:

"پاش لێكۆڵینەوەیەكی ورد لە سەر ناوەرۆكی كورتە چیرۆكەكان دەكرێ بگەینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

1 ـ ناوەرۆكی كورتە چیرۆكی كوردی بە تەواوی بەستراوە بە مێژووی گەلی كوردەوە. لەهەر چەرخ‌و سەردەمێكدا بارودۆخی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی كاریگەریی خۆیان لە سەر چیرۆكنووسان كردووەو لە بەرهەمەكانیاندا رەنگیداوەتەوە.

2 ـ كورتە چیرۆكەكان ستایل‌و ستانداردی خۆیان هەیە لە چەژدا.ئەمە لەو حاڵەتەشدا راستە كە چیرۆكی كوردی باس لە بابەتێك بكات كەوا كۆمەڵگەی كورد هاوبەش بێت تێیدا لەگەڵ كولتوورەكانی تردا.

3 ـ پۆلێن كردنی كورتە چیرۆك وەك لە خوارەوە باس دەكرێت بەڵگە نیە بۆ ئەوەی هەر تێكستێك تەنها لەگەڵ یەك بابەتدا مامەڵە دەكات. لەگەڵ

حاڵەتدا هەردوك كورتە چیرۆك‌و رۆمانیش، نووسەرەكەیان گفتوگۆ لە سەر دوو یان سێ بابەت دەكات یان زیاتر".

بابەتەكان لە كورتە چیرۆكی كوردیدا دەتوانرێت دابەش بكرێن بەسەر ئەم گرووپە سەرەكیانەی خوارەوەدا:

## أ ـ مێژووی گەلی كورد

نووسەر باس لەوە دەكات كەوا پیرەمێردی شاعیرو رۆژنامەنووس یەكەم كەس بووە كەوا كورتە چیرۆك بنووسێت‌و بەشێك لە مێژووی كوردی تێهەڵكێش بكات‌و بەم چیرۆكە مێژووییانەی مەبەستی ئەخلاقی‌و سیاسی‌و فێركاریی هەبووە. پیرەمێرد دوو چیركی گێڕانەوەی مێژووی نووسیوە كە*"دوانزە سوارەی مەریوان"* و *"مەم‌و زین"* ن و چیرۆكەكانی راڤە كردوون‌و بەراوردی كردوون بە شانامەی فیردەوسی.

دواتر دێتەسەر لایەنی مێژوویی لە كورتە چیرۆكی"جەوهەر ئاغا"ی عەلادین سەجادیدا، كە چۆن ئەم قارەمانە نیشتمانپەروەرو سەركردەكوردە

لەلایەن ئێرانییەکانەوە کوژراوە.هەر لەم بوارەدا دێتەسەر چیرۆکی *"شەهیدانی قەڵای دمدم"* ی مستەفا ساڵح کەریمو لایەنە مێژووییەکەی ئەم چیرۆکە شیدەکاتەوە.

بەهەمان شێوەش دێتەسەر چیرۆکی مێژوویی *"پێشمەرگە"* ی رەحیمی قازی، کەوا ماوەی چەند ساڵێکی مێژووی نوێی کوردستانی ئێران باس دەکات بە ستایلێکی سادەو ریالیستیانە.

**ب ـ تێکۆشانی جووتیارانو گوندنشینانو خەڵکی زەحمەتکێشی تر.**

نووسەر لێرەدا باس لە کۆمەڵگەی کوردی دەکات کەوا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە کە کورتە چیرۆکی کوردی سەریهەڵداوە تا کۆتایی ساڵانی 1950کان، کۆمەڵگەیەکی جووتیاری بووەو هەردوولا جووتیارو فیوداڵی خاوەن زەوی ناکۆك بوون لە گەڵ یەکترو بەردەوام چینی جووتیار ستەمی لێکراوەو لە دۆخێکی هەژاریی سەختدا ژیاوەو هەمیشە دەوڵەت و کاربەدەستانی پاڵپشتی ئاغاو دەرەبەگ بوون تا سەرەتای 1960کان. لەبەرئەوە دەگمەنە نووسەرێك یان چیرۆکنووسێك باسی لەم مەسەلەیە

نەکردبێت.لەم رووەوە نووسەر لەم دووبەرەکی و ململانێی چینایەتییەدا سێ خاڵی سەرەکی دەسنیشان دەکات:

1 ـ ململانێ نێوان جووتیارانو دەرەبەگە فیوداڵەکان(بە پاڵپشتی دەوڵەت).

2 ـ ململانێی نێوان جووتیارانو کاربەدەستان، پۆلیس،جەندرمەو دەوڵەت بە گشتی.

3 ـ ململانێی نێوان جووتیارانو بیزنێسمانو دەوڵەمەندانی شار.خەسڵەتی هاوبەشی هەموو کورتە چیرۆکە کوردییەکان پشتیوانی کردن لە جووتیارانو گوندنشینان دژ بە ئاغا فیوداڵەکانو رژێمی پاڵپشتیان. چیرۆکی*"مەسەلەی ویژدان"*ی ئەحمەد موختار جاف، هەرچەندە خۆیشی لە چینی دەرەبەگ بووە، نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو ناکۆکیو ململانێیە.

پاشان نووسەر باس لەوە دەکات کە چیرۆکنووسانی نەوەی *"گەلاوێژ"* زۆربەی چیرۆکەکانیان لە سەر خەبات تێکۆشانی جووتیارانەو هەر نووسەرێك بە رێگەو شێوەی خۆی ئاگاداری ئەم ململانێ چینایەتییەو ژیانی

جووتیارانە. بەناوبانگترین نووسەرانی ئەم قۆناخە ئیبراهیم ئەحمەدو شاکر فەتاحو عەلادین سەججادییە.

ئەڵبەتە پێگەی کۆمەڵایەتی نووسەرانو ئاشنابوونیان بە ژیانی جووتیاران گرنگییەکی گەورەی هەیە لەو ستایڵەی تێکۆشانی جووتیارانی تێدا دەخەنەڕوو، هەروەها باکگراوندی ئایدیۆلۆجیشیان ئاڕاستەی چارەسەری جۆراوجۆری ئەو کێشەیە دەکات.

نموونەی ئەم چیرۆکانەش*"مودیر بەگ"* ی شاکر فەتاح،*"شاییەکەی ڕەشەی خەجەلاو"* ی عەلادین سەجادی،*"کوێرەوەری"* و *"کەرە لۆتیی مەنووچەر"* ی ئیبراهیم ئەحمەدن.

هەروەها هەمان بیرۆکەش لە بەرهەمەکانی نووسەرانی دوای ئەماندا هەیە چەشنی جەمال نەبەزو رەحیمی قازیو مارف بەرزنجیو حەسەنی قزڵجی.

**ج ـ خەباتو تێکۆشانی رزگاریخوازی کورد.**

بیرۆکەی تێکۆشانی کورد بۆ رزگاری زۆر بە دەگمەن لای چیرۆکنووسەکانی نەوەی گەلاوێژ دەردەکەوێت، لە سالأنی 1950کانەوە تائێستا گەشەکردنو

گۆڕانکاری لە ستایڵی خستنەڕووی ئەم مەسەلەیە هاوتەریبە لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی رزگاریخوازی خەڵکی کورد.

لێرەدا دوو رێگەی جیاواز هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بابەتە:

أ ـ لە رێگەی باسکردنی ئەو زوڵمو ستەمەی داگیرکەرانی کوردستان سەپاندوویانە بەسەر خەڵکی کورددا و نکوولّی کردن لە بوونیو بێبەش کردنیان لە مافە ئینسانی و فەرهەنگییەکانیان و وەلاّمدانەوەی هەر هەوڵو تێکۆشانێکیان بۆ رزگاربوون بە زیندانی کردنو ئیعدام کردنو بۆمباران کردن.

ب ـ لە رێگەی هەڵبژاردنی پاڵەوانێکی سیاسییەوە وەك کاراکتەرێکی رابەر، کە بە رێگەو شێوەی جۆراوجۆر تێدەکۆشێت بۆ رزگارکردنی گەلەکەی.

لێرەدا نووسەر نموونە دێنێتەوەو پاڵەوانە سیاسییەکانی مستەفا ساڵح کەریمو مارف خەزنەدار بە زۆری خەڵکی گەنجو خوێندەوارنو هۆشیاریی سیاسییان هەیەو یان خوێندکاری چالاکن. مارف خەزنەدار لە

چیرۆکەکانی *"بە ئامانج گەیشت"* و *"سەرینە بۆر"* دا ئەم بیرۆکانە بەرجەستە دەکات. بەهەمان شێوەش محەمەد ئەمین بوزئەسەلان جۆرێکی تری ستەمو سەرکوت کردن لە کوردستانی تورکیادا دەخاتەڕوو کە لە ناوەرۆکدا لەگەڵ ستەمی رژێمی عێراق هەریەکەو ئەمەش لە چیرۆکی *"قومێ تفتك"* رەنگیداوەتەوە.

لە کوردستانی ئێرانیشدا حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکی *"تاجو تەختی کوێخا هۆمەر"* باس لە سیاسەتی پڕچەوساندنەوەی خەڵکی کورد دەکات لەلایەن رژێمی شای ئێرانەوە.

هەر لێرەدا نووسەر باس لە چیرۆکەکانی محەمەد مەولود (مەم)و دکتۆر کاوس قەفتان دەکات چەشنی *"ئەگەڕێمەوە وڵاتم"* و *"بەڵام کوردم"* و .. تاد.

ئەوجا دێتەسەر قۆناخێکی نوێ کە لەساڵی 1961 وە دەست پێدەکاتو باس لە هەڵایسانی شۆڕشی کورد دەکاتو هێرشو پەلامارە سەربازییەکانی رژێمی عێراق بۆ تێکشکاندنی بزووتنەوەی رزگاریخوازو سەپاندنی ئابڵووقەی ئابووری بەسەر دێهاتی کوردستانداو گوند سووتاندنو پەیڕەوی کردنی

سیاسەتی کاول کردنی تەواوی کوردستان، ئەمانە هەموو دەنگیان دایەوە لە ئەدەبی کوردیداو کورتە چیرۆکیش بەتایبەتی.

لێرەدا وەك نموونە نووسەر دێتەسەر رۆمانی *"ژانی گەل"* ی ئیبراهیم ئەحمەد کە تیشك دەخاتە سەر سالآنی 1961ـ 1963و تەواوی ژانو ئازارەکانی خەڵك بەرجەستە دەکات.

ئابلۆوقەی ئابووری کە رژێمەکانی عێراق، بۆ سالآنێکی دوورودرێژ، سەپاندووبوویانە سەر دێهاتی کوردستاندا، کە لەژێر دەسەلآتی پێشمەرگەدا بوو، لە چیرۆکەکانی حوسێن عارفو مەمدا زیاتر رەنگیداوەتەوە.

بێگومان لە سەرەتای سالآنی 1960وە پێشمەرگە لای نووسەرانی کورد بووە بە هێمای قارەمانیو شکۆی نەتەوەییو رزگاربوونو زیاتر پەرەیسەند کاتێ کە شەهیدبوونی پێشمەرگە تێکەڵی چەمکە ئاینی میتۆلۆجییەکان بوو و پیرۆزییەکانی لە مەرگ ئەولاوەتر چوون. ئەم حاڵەتانەش لە چیرۆکی *"سێبەری بەر سەنگەری مەرگ"* ی کاکە مەم بۆتانیو *"لە رۆژژمێری دێیەکی ئەم خوارەوەدا"* ی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا رەنگیداوەتەوە.

ئەم بابەتە لای ڕەوف بێگەردی چیرۆکنووس لە دیدوبۆچوونێکی تردا ڕەنگیداوەتەوەو هەردوو لای ستەمکارو زوڵم لێکراو لەژێر کاریگەریی دۆخەکەدان و ئەمەش لە چیرۆکی *"ڕێگاو هەوار"* دا زیاتر بەرجەستە دەبێت.

**د ـمەسەلەی ژنان**

فەرهاد لەم ڕووەوە دەڵێ: "شتێکی باو نیە کە لە کۆمەڵگەیەکی تازە گەشەکردوودا مەسەلەی ژنان بە تەنها خۆی بکەیتە بابەتی مشتومڕو لە کۆمەڵگەی لەم چەشنەدا لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بە شێوەیەکی ئاسایی ئەولەوییەت دەداتە کێشەکانی هەژاری‌و نەخوێندەواری‌و نەخۆشی‌و بێجگە لەوەش گەلێ کێشەی تر هەن کە خەڵك بەشێوەیەکی درێژخایەن پێیانەوە گرفتارە.

ئەڵبەتە لە کۆمەڵگەیەکی چەشنی کۆمەڵگەی کورددا، ستەملێکراو و کۆڵۆنی کراو لە جیهانی سێهەمدا، تێگەیشتنی ئەوە هەیە کەوا مەسەلەی

ژن تێیدا بە دەگمەن دادپەروەرانە دەبێت، بەڵام حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان بە ئاستی جیاجیا گرنگیی پێدەدەنو نووسەرانو ڕۆشنبیرانیش بایەخی پێدەدەن. خاڵی پۆزەتیڤ لێرەدا ئەوەیە کە ئافرەتی کورد هەمیشە لە پێگەیەکی بەهێزتردا بووە لەگەڵ خوشکەکانی لە کۆمەڵگەکانی عەرەبو فارسو تورکداو ئازادییەکی زیاتری بووەو زۆرێك لە گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسەکان کەوا سەردانی کوردستانیان کردووە ئەمە دەسەلمێنن.

چیرۆکنووسانی کورد لە سەرەتای چلەکانەوە کەم تا زۆرو لە دیدو بۆچوونی جۆراوجۆرەوە بایەخیان بەم مەسەلەیە داوە. وەك نموونەش عەلادین سەججادی لە کورتە چیرۆکێکدا بە ناوی *"لە پێناوی ئافرەتدا"* باس لە هەموو دابو نەریتی خێڵەکی دەکات کەوا کۆسپن لەبەردەم ئازادیی ژناندا.

زۆربەی کورتە چیرۆکەکانی سالانی چلو پەنجاکان لەبارەی بیرۆکەی بەزۆر بەشوودانەوە بوون، کە پارەو شیربایی ڕۆڵی گرنگیان تێدا دەبینی.بێگومان دیاردەی ژن بە ژن و گەورە بە بچووكو کچ بە شوودان بەپێچەوانەی خواستیەوە لە کۆمەڵگەی ئەو دەمەی کورددا باو بووەو گەلێ کورتە

چیرۆکیان لە سەرە، بێجگە لەوەش فرەژنی لە کۆمەڵگەدا پشێویی زۆری لە ژیانی خێزاندا دروست دەکرد.

لەم سۆنگەیەوە چیرۆکەکانی ئەم قۆناخە مەسەلەی ئافرەتیان لە چوارچێوەی پەیوەندیی عەشیرەتو فیوداڵەوە دەخستەڕوو. ئەڵبەتە لە ساڵانی حەفتاکانو هەشتاکاندا، لەکاتێکدا کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی گۆڕاو یاسای رەسمی هەندێ مافو پارێزگاریی بۆ ژنان دەستەبەر کردو ژمارەی ئافرەتانی خوێندەوار زیادیان کرد، بەم پێیە مامەڵە کردنیش لەگەڵ مەسەلەی ژناندا گۆڕانکاری بەسەردا هات".

ئەوجا نووسەر لێرەدا چەندین نموونەی چیرۆك دێنێتەوە لە سەر ئەم مەسەلەیەو لە سەریان رادەوەستێ. نموونەش بۆ ئەمانە چیرۆکی *"خازێ"* ی ئیبراهیم ئەحمەد، *"زاقایێ دەسالی"* ی محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان، *"بووكو خەسوو"* ی شاکر فەتاح، *"بووبووم بە درکی مەمو زین"* ی جەمال بابان، *"خاچ"* ی محەمەد فەریق حەسەن و..تاد.

وێنەیەکی تری ژن وەك جەنگاوەری سیاسی، کە شانبەشانی پیاو خەبات دەکات بۆ رزگاربوونو چالاکیی سیاسی ئەنجامدەدا.رۆڵی ئەم جۆرە ژنەش لە

زۆرێك لە بەرهەمەكانی مستەفا ساڵح كەریـمدا دەبینرێتو چیرۆكی *"رەشپۆشێكی جیهانی چوارەم"* زۆر بە كارامەیی خەباتی ژن بەرجەستە دەكات بۆ ئازادی.

هەر لەم رووەوە ئەحلام مەنسووریش بە نموونە دێنێتەوە لە چیرۆكی *"فەقێ عەباس و دیمەنێكی لەیاد نەچوو"* و هەروەها رەوف حەسەنیش لە چیرۆكی *"ببوورە ماڵی جەنابتان نیە"* .

دواجار دێتەسەر ئەو ڕایەی كەوا نووسەران بە زۆری مەسەلەی ئافرەتیان لەماوەی قۆناخی دووەم و سێهەمدا بە هەند وەرگرتووەو ئەوانی قۆناخەكانی دواتر رووبەرێكی زۆر كەمیان داوەتە بابەتەكەو ئەمەشی بۆ دوو هۆ گێڕاوەتەوە كە یەكەمیان گۆڕانكاری لە بارودۆخی كۆمەڵایەتیو سیاسی پێگەو بەهایەكی نوێی داوەتە ژنان لە كۆمەڵگەداو لەهەمان كاتیشدا بابەتێكی نوێی كێشەو گرفتی بۆ دروست كردوون. دووەم باڵادەستیی تەواوی ململانێكە لەنێوان كوردو داگیركەرانی كوردستاندایەو بەم پێیە مەسەلەی ئافرەت لەنێو ئەم چوارچێوەیەدا مامەڵە دەكرێت.

**هـ ـ نیمچە گەشەكردنو دواكەوتن**

بوارەکانی نیمچە گەشەکردن کە چیرۆکنوسان وێنای دەکەنو رەخنەی لێدەگرنو هەوڵدەدەن چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە دەکەونە دوو ئاستەوە.

ــ لە سەر ئاستی تاکەکەس، مامەڵەکردن لەگەڵ قومار، دزی، زیادەڕۆیی لە بەرکارهێنانی ئەلکوول، رژدی، فێڵو دەستبڕین..تاد.

ـ لە سەر ئاستی گشتی، کە بابەتە سەرەکییەکانی کە چۆن ئاین بەکاربهێنرێت بۆ فێڵو ساختەکردن لە خەڵکی و باوەڕکردن بە شتی لە سروشت بەدەر.

ئەو چیرۆکنووسانەی لەم بابەتە دەدوێن زیاتر ئامۆژگاریو رێنمایی کردنە.بۆ نموونە کاوس قەفتان باس لە کابرایەکی چاوچنۆك دەکات کەوا نیوەی شار ملکێتی بەڵام هیچی بۆ ماڵو منداڵی خەرج نەدەکرد و دواجار ماڵەکەی سووتاو خۆیشی لە خەفەتا مرد.جەمال بابان رەخنە لە قومارچی دەگرێتو ریسوای دەکات.کوڕێکی گەنج هەموو سامانەکەی باوکی لە قەماردا دەدۆڕێنیو تا وایلێدێت دواتر ژنە جوانەکەشی دەدۆڕێنێت.

حوسێن عارف باس لە قومارێکی مۆدێرن تر دەکات کە چیرۆکی *"لە خوێنیانا ئەژێ"* . هەروەها حەسەنی قزڵجیو محەمەد ئەمین بوزئەرسەلان باس لەوە دەکەن کە چۆن ئاین دەتوانێت خەڵك فریو بداتو چۆن باوەڕکردن بە شتی خورافی کار لە خەڵك دەکات.

*"نووشتەکەی ئامینەخان"* و *"خەملّی پەموو"* کە دوو کورتە چیرۆکن کەوا حەسەنی قزڵجی وای پیشاندەدەن کە ئاین هێزێکی دژە دیموکراتییە.

بوز ئەرسەلان کارامەییەکی تەواو نیشاندەدا لە وێناکردنی باوەڕ بە ئەفسانەو خورافییات کە لەناو کورددا بوونی هەیەو لە کورتە چیرۆکی*"دەڤی گور* ـ واتە دەمی گورگ" باس لەوە دەکات کە چۆن مەلا بەخوێندنی چەند ئایەتێك لە قورئان واپیشاندەدا کە دەمی گورگی بەستووە لە خواردنی مەڕومالاّت. لەبارەی خەیاڵی زانستییەوە ڕەوف حەسەن لە چیرۆکێکیدا باس لە ڕۆبۆتو گەشت بە بۆشایی ئاسماندا دەکات.

## 3 ـ فۆرم له كورته چیرۆكی كوردیدا

پەرەسەندن و دژواری لە ناوەرۆكی كورتە چیرۆكی كوردیدا هاوتەریب نیە لەگەڵ فۆرمدا، زۆربەی هەوڵەكانی نوێكردنەوە لە فۆرمدا و بەتایبەتی لە ڕووی فۆرمی ناوەكییەوە لە ساڵانی 1970 كانەوەو دواتردا هاتە كایەوە. لە لێكۆڵینەوەیەكی تەكنیكی كورتە چیرۆكدا، حوسێن عارف وای بۆ دەچێت كەوا ستایلی گێڕانەوە لە ساڵی 1925 تا شەستەكان زاڵ بوو لە چیرۆكی كوردیداو ئەوەش درێژدادڕی لە گێڕانەوەو كورتهێنان لە گەڕان بەدوای چارەسەردا دەگەیەنێتو كاراكتەرو ڕووداوەكان رووكەشانە باسیان لێوە كراوەو بە زۆریش زیادەڕۆیی تێدا كراوە.

ئەوجا فرهاد دەنووسێت، "لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم رووماڵی فۆرمە جۆراوجۆرەكان بكەم و بیانخەمە سیاقی مێژوویی خۆیانەوە:

## أ ـ فۆرمی دەرەكی

نووسەران لە بەرهەمەكانیاندا سێ جۆری جیاواز چوارچێوەیان بەكارهێناوە:

1 ـ كورتە چیرۆك فۆرمی زاڵو باڵادەستە. نووسەرانی قۆناخی یەكەم چیرۆكەكانیان تەنها تاقە گێڕانەوەیەكی تێدابوو، بەڵام چیرۆكنووسانی قۆناخەكانی دواتر كورتە چیرۆكەكانیان كردووەتە چەندین بەشەوە.

2 ـ نموونەگەلی كورتە چیرۆكی درێژ دەگەڕێتەوە بۆ بنەچە دوورەكانی كورتە چیرۆك وەك فۆرمێكی ئەدەب.

لەو دەمەدا ژمارەی لاپەڕەكان دەگەیشتە سەدو چیرۆكنووسان وایان بەلاوە باش بوو وەك كتێبێك چاپی بكەن، نموونە بەرایییەكانیش وەك چیرۆكی *"لە خەوما"* ی جەمیل سائیبو *"مەسەلەی ویژدان"* ی ئەحمەد موحتار جاف. چیرۆكنووسانی دواتریش ئەم فۆرمەیان بەكارهێناوە، وەك جەمال بابانو محەمەد ساڵح سەعیدو جەمال نەبەز.

3 ـ له کۆتایی حەفتاکانەوە، هەندێك لە چیرۆکنووسان فۆرمێکی نوێیان بەکارهێناو ناویان لێنا *"کورتە کورتە چیرۆك"* کە تەنها لە پێنج شەش دێڕ پێکدێتو لەم کورتە فۆرمەدا ویستوویانە ناوەرۆك بخەنە خزمەتی بیرۆکەیەکەوە لە سیاقی فۆرمێکی گەورەتردا.

**ب ـ فۆرمی ناوەکی**

**1ـ فۆرمی گێڕانەوە:** زۆربەی چیرۆکنووسانی کورد ئەم فۆرمە بەکاردێننو نووسەر چیرۆکێکی بەردەوام لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی دەگێڕێتەوە چیرۆك گێڕەوە دەکەوێتە باسکردنی دیمەنەکە، قۆناخەکەو کاراکتەرەکە بە دوورودرێژییەکی تاقەت پڕووکێن ئەم تایپی چیرۆك گێڕانەوە بەشێوەیەکی باو بریتییە لە پێشەکییەكو گەیشتنە لووتکەو پاشان دەرەنجام.

**2ـدیالۆگ:** دیالۆگ لە سەرەتای سەرەتاوە بووە بە شەقڵێك و بە شێوەی جۆراوجۆر بەکارهاتووەو زیاتر لەشێوەی دەمەتەقێی دوو کاراکتەردا هاتووە.

**3ـ چیرۆك گێڕەوە یان چیرۆکخوان:** لە کورتە چیرۆکی کوردیدا باوترین هۆکار بۆ گەیاندنی چیرۆکێك دەبوو نووسەرەکە هەڵسوکەوتو ئاکاری

کاراکتەرەکان باسی بکات. لەم مۆدێلەدا خوێنەر هەموو شتێك لە چاوی نووسەرەکەوە دەبینێت.

مۆدێلێکی تری باو دەبوو نووسەرەکە بە دەنگێکی گێڕانەوە خۆی بناسێنێت لە شێوەی "من" داو بەم پێیە خوێنەر هەموو ڕووداوەکان لە چاوی ئەم"من"ەوە دەبینیێ، بێئەوەی نووسەر بە زەرووڕەت ببینرێت لەنێوان خوێنەرو کاراکتەری سەرەکیدا.

تەکنیکی سێهەمی گێڕانەوە کەسی دووەمی تاك بەکارهێنانە"تۆ" و لێرەدا کاراکتەری سەرەکی" تۆ" یە، بەڵام ئەو کەسەی کە ئەم "تۆ" یە کۆنترۆڵ دەکاتو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کەسێکی ترە، کە ڕەنگە نووسەرەکە خۆی بێتو ئەڵقەی پەیوەندی نێوان خوێنەرو پاڵەوانی چیرۆکەکەیە. مستەفا ساڵح کەریم و ڕەوف حەسەن لەنێو ئەو چیرۆکنووسانەدان کە ئەم فۆرمەیان بەکارهێناوە.

4 ـ **مۆنۆلۆگی ناوەکی:** مۆنۆلۆگ مێژوویەکی درێژی هەیە لە مێژووی ئەدەبی جیهانداو ئەم تەکنیکە لە سەرەتای حەفتاکانەوە لە کورتە چیرۆکی کوردیدا بەکاردێت، بەڵام تەنها لە مەودایەکی دیاریکراودا.

5 ـ **کورتکردنەوە:** ژمارەیەك چیرۆکنووسی کورد کورت کردنەوە بە جۆرێك بەکار دێنن کەوا کارەکە لاواز بکاتو سەریش لە خوێنەر بشێوێنێ.

کورتکردنەوە بە عادەت بۆ ناوی گوندو شار دێت، ئیبراهیم ئەحمەد لەو چیرۆکنووسانەیە کە ئەم تەکنیکەی بەکارهێناوەو کورتە چیرۆکی *"کەرەلۆتیی مەنووچەر"* لەم جۆرە کورتکردنەوەی تێدایە بۆ شارو گوند، بەهەمان شێوەش چیرۆکی *"کوێرەوەری"* .

**ج ـ زمانو فۆرمی دەربڕین**

1 ـ **خوازەی سادەو ساکار:** زۆربەی نووسەران زمانی سادە لە نووسینو بەرهەمەکانیاندا بەکاردێنن، ئەگەر ئەم بەرهەمانە لە دیدوبۆچوونی ئیستاتیکیو زمانەوانیو رێزمانەوە تەماشاو تاوتوێ بکرێن ئەوکاتە ڕووندەبێتەوە کە نووسەرەکان لە سەر ئاستی جیاواز نووسیویانە.

2 ـ **سیمبۆڵ یان هێما:** بەهۆی بارودۆخی سیاسیو سانسۆرەوە چیرۆکنووسان بەزۆری ناچار بوون هێما بەکاربێننو ڕەنگە بەکارهێنانی سیمبۆڵ یان هێما لە سانسۆر بتپارێزێت، بەڵام لەهەمان کاتدا مەترسیی لەدەستدانی خوێنەری لێدەکەوێتەوە.

یەك لە ڕێگەكانی بەكارهێنانی سیمبۆلیزم، خواستنە لە ئەفسانەوە، بۆ نموونە شارێك واوای لێكراوەو یاساكانی بەم چەشنەنو ئەژدیهایەكی حەوت سەر بەری ئاوی شاری گرتووەو دواتر پاڵەوانێك خەڵكەكە رزگار دەكاتو دەكرێ ئەمانە وەك هێما بۆ مەبەستی تر بەكاربهێنرێت كە بواری دەربڕینی ئاشكراو راشكاوانەیان نیە.لەڕووی سیمبۆڵەوە هەردوو چیرۆكنووس رەوف بێگەردو حەسەنی قزڵجی دوو نموونەی بەرچاون.

**3 ـ زمانی زۆر لەخۆكردن:** چیرۆكنووس كە مەبەستی بێت كاراكتەرەكەی بە نەزانراوی بهێنێتەوە لەبەر هەستو تەمەنو پێگەی لە كۆمەڵدا.ئەمە زۆرجاریش لە چلەكانو پەنجاكاندا بەكارهێنراوە لە ململانێی نێوان ئاغاو جووتیاردا.

## 4 ــ كورتە چیرۆكی كوردی 1988 ــ 2000: ئەپدەیتێك

### أ ـــپاشخانی سیاسی

واپێدەچێت ساڵی 1988 خاڵی وەرچەرخان بێت لە مێژووی نوێی کورددا، لەهەردوو ڕووی سیاسیو فەرهەنگییەوە. لێرەدا نووسەر باسی لە ئەنفالو ژەهربارانی هەڵەبجە دەکاتو ئەو تراجیدیایەی کە تووشی کورد هاتو لەچاو شەڕوشۆڕو کوشتوبڕی ساڵانی زووتردا وێنەی نەبوو. دواتر ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکان لە ئەدەبداو بەتایبەتی لە شیعردا. سەبارەت بە چیرۆکیش ڕەنگدانەوەی کارەساتەکە خاوتر بووو کاتێکی زۆرتری ویست پێش ئەوەی تراجیدیاکە بگاتە ئاستی دەربڕینی هونەری، بەڵام لە ناویاندا بەرهەمی گەورە دەرکەوتن لەڕووی بەهای ئەدەبییەوە.

ئەگەر بۆ کوردو تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی ساڵانی 1980کان شەقڵی کۆتایی جەنگی هەشت ساڵەی ئێرانو عێراق بێت، ئەوە دیسانەوە دەستپێکردنەوەی قۆناخی جەنگێکی نوێیە کە لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکاندا هەڵایسایەوە. لێرەوە نووسەر دێتە سەر داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوەو پاشان ئەو ڕووداوە دراماتیکیانەی بەدوایدا هاتو بۆ ئێمەومانان ئاشکرایە. دواتر دێتەسەر دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو باس لە دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر گۆڤارو ڕۆژنامە دەکاتو

لێشاوی چاپو بڵاوکردنەوەی کتێب کە چ دۆخێکی رەخساندووەو لەیەك کاتدا سوودو زیانیشی بۆ فەرهەنگو کولتووری کوردو رۆشنبیرانیش هەیە. پاشان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەئێستادا (مەبەست ئێستای پێش قەیران ـ محەمەد) سەدان رۆژنامەو گۆڤارو وەرزنامە بە رێکوپێکی بڵاو دەکرێنەوە لە کوردستانی عێراقداو نزیکەی 15 ـ 20 بنکەی بڵاوکردنەوە چالاکی لە چاپی کتێبدا. بێجگە لەوەش نزیکەی پانزە ئێستگەیتەلەفزیۆنی سەتەلایتو سەد رادیۆو تەلەفزیۆنی ناوخۆ هەن.

نووسەر لەبارەی کورتە چیرۆکی ئەم قۆناخەوە دەڵێ "لەبەرئەوەی زۆربەی کورتە چیرۆکەکان بەهایەکی ئەدەبیی وایان نیە بۆیە بە دووبارەبوونەوەیەکی ئەزموونی هەشتاکانو نەوەتەکانی کورتە چیرۆکی کوردی ئەژمار دەکرێنو گەشەکردنی ئێستای کورتە چیرۆك بە زۆری لەڕووی ژمارەوەیە".

لەبارەی کوردستانی باکووریشەوە نووسەر باس لەم ساڵانەی پێشتری تورکیا دەکات کە جۆرە سەقامگیریو کرانەوەیەکی بەخۆوە بینیبوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی مەسەلەی کورد لە عێراقدا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ناسراو ئەم دۆخەش فۆرمێکی پتەوی دا بە مافە کولتوورییەکانی کورد لە

توركیادا و بوو بەهۆی دەرچوونی ژمارەیەك رۆژنامەو گۆڤار بەشێوەیەكی رێكوپێك. هەرچەندە بەپێی ئەو دۆخەی كە هەیە زۆربەی نووسەرانی كورد لە دەرەوەی توركیا دەژین بەڵام ئەمڕۆ بەرهەمەكانیان بە ئاسانتر دەگاتە خوێنەرانیان لە توركیا.

لە كوردستانی ئێرانیشدا لە دوای شۆڕشی ئیسلامی فشار لە سەر باری كولتوورو فەرهەنگ تاڕادەیەك كەمتر بووەوەو دۆخەكە لەوێ بەشێوەیەكی رێژەیی سەقامگیرە. هەندێك دامو دەزگای ناڕەسمی هەنو كۆڕو كۆبوونەوە دەكەنو ژمارەیەكی باشیش گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوكراوەی تر دەردەچن. لەم دە ساڵەی دواییدا گۆڤارەكانی *"سروە"* و *"ئاوێنە"* چاپو بڵاو دەكرێنەوەو حاڵی حازریش هەفتەنامەكانی *"ئاویەر"* و *"زرێبار"* و *"مهاباد"* و *"سیروان"* دەردەچن لە شارە جیاجیاكانو رۆڵی كولتووریی گرنگ دەبینن و پاڵپشتی چالاكیی ئەدەبی دەكەن بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا. ئێستا زۆر لە چاپەمەنییەكانی هەرێمی كوردستان لە كوردستانی ئێراندا بڵاو دەكرێنەوە، بە یاسایی و نایاسایی بێتو گەلێ لە نووسەرانو میدیاكارانی ئێرە لە

هەرێمدا کار دەکەن‌و چالاکانە تێکەڵی دام‌و دەزگا فەرهەنگییەکان‌و ماسمیدیا بوون.

بەپێچەوانەوە کولتوورو فەرهەنگی کوردی بەرەوڕووی دۆخێکی سەخت بووەتەوە لە وڵاتەکانی سۆڤییەتی جاراندا‌و بەتایبەتی لە ئەرمینیادا، چونکە لە پاش رووخانی رژێمی سۆڤیتی‌و دروستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمینیا‌و رژێمە نوێیەکەی ئەو وڵاتە دەستبەرداری زۆرێك لە مافە کولتوورییەکانی کورد بوو. بەم پێیە گەلێ لە نووسەران‌و رۆشنبیرانی کوردی ئەو وڵاتە ناچار کران ئەرمینیا جێبێڵن‌و کۆچ بکەن بۆ رووسیا یان وڵاتانی ئەوروپا یان ئوستراليا. ئەوانیتریش بوون بە قوربانیی جیاکاریی رەگەزپەرستی‌و ئاینی کە وڵاتەکەی گرتبووەوەو ناچار بوون کۆچ بکەن بۆ وڵاتانی دەوروبەری ئەرمینیا.

ب ـ کورتە چاوپێداخشاندنێك بە بەرهەمی هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکنووسان.

لەم بەشەدا نووسەر ژمارەیەك لە چیرۆکنووسانی ئەم قۆناخەی هەڵبژاردووە (واتە 1988ــ 2000) و کورتەیەك لە سەر ژیانیان‌و پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنێکی بۆ بەرهەمەکانیان کردووە.من لێرەدا تەنها ناوەکانیان

دەنووسم لەگەڵ ئەو چیرۆكو رۆمانانەیان كەوا كاك فەرهاد لە هەندێكیان دواوەو هەندێكیشی تەنها ناوی بەرهەمێك دوانی هێناوە:

- شێرزاد حەسەن، بەرهەمەكانی:*تەنیایی، گوڵی ڕەش، حەسار، میم.*
- عەتا نەهایی، رۆمانی:*گوڵی شۆران لە شوێن چارەنووسێكی ون.*
- حەلیم یوسف (عاموودا، 1967) زۆربەی بەرهەمەكانی بە عەرەبییەو خۆی هەندێكیانی كردووە بە كوردی.
- فیرات جەوەری (دێرك 1959):*گرتی، كەڤۆكاسپی.*
- هەسەنێ مەتێ (كوردستانی باكوور ـ ئەرگانی 1957): *ئێپیلۆگ.*
- حوسێن عارف، رۆمانەكانی: *شار، ئەندێشەی مرۆڤێك، هێلانە.*
- عەبدولا سەراج، رۆمانی:*هەڵكشان بەرەو لووتكە.*
- ئیسماعیل رەسوڵ، رۆمانی:*پەرەستگای دڵداران.*
- محەمەد مەولود(مەم)، رۆمانی: *رێگا*
- محەمەد موكری، رۆمانی:*هەرەس*
- مەحموود باكسی، رۆمانی:*گوندێكی دۆنۆ*

- محەمەد ئوزون، رۆمانەکانی: *تو، سیائەڤینێ، بیرا قەدەرێ، هاوارا دیجلەیێ.*
- خوسرەو جاف، رۆمانەکانی: *هیچ، پاشایان کوشت، راز، گەماڵ، دەربار، دۆغدو.*
- عەزیزی مەلای رەش، رۆمانەکانی: *کوێخاسێوی، غەوارە، خاك‌و چەوسانەوە، خاك‌و کێشەی ژنان.*

دواجار نووسەر ناوی کۆمەڵێك چیرۆکنووس‌و رۆماننووس ئەم سەردەمە دێنێت وەك:

فازڵ کەریم ئەحمەد، کەرمی دانشیار، ناجی کوتلەی، مونزور جەم، ئەکرەم عەلی، سەعید ناکام، باقێ نازێ، فەواز حوسێن، سلێمان دەمیر، سدقی هروری، مهاباد قەرەداغی، مستەفا ئایدۆگان، حەمە کەریم عارف، ئارام کاکە فەلاح، شاهین بەکر سورەکلی، حەکیم کاکەوەیس، غەفور ساڵح عەبدولا، کاروان عومەر کاکە سوور، هیوا قادر، بەختیار عەلی، عەتا محەمەد، عیزەدین یوسف.

لەدواییدا دەڵێ "ڕاستیێکەی بەرهەمی ئەدەبی ئەم دە ساڵەی دوایی ئەو نووسەرانە پێویستی بە هەوڵو بەدواداچوونێکی زۆر هەیە بەڵام مشتومڕێکی لەم چەشنە لە دەرەوەی مەودای ئەم لێکۆڵینەوەیە".

## 5ـ ئەنجام

لەم دوابەشەدا فەرهاد شاکەلی کاکڵەی کارەکەی دەخاتەڕوو و جەخت لەوە دەکاتەوە کە یەکەمین دەقەکانی پەخشانی ئەدەبی لە ئەدەبی کوردیدا، کەوا زۆربەیان لە سەدەی بیستەمدا نووسراون، بە سەرەتاکانی کورتە چیرۆکی کوردی دادەنرێن بەپێی راوبۆچوونی ژمارەیەك لێکۆڵەر. تێڕوانینێکی ورد لەم تێکستانە ناوەرۆکی ئاینییان دەخاتەڕوو یان لانی کەم هەوڵن بۆ تۆمارکردنی ئەفسانەوچیرۆکە زارەکییەکان. لەبارەی سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە چەندین تێکست بڵاوکراونەتەوە کەوا مۆرکو شەقڵی کورتە چیرۆك دەنوێنن.

لەم سیاقەدا بە زۆری پرسیارێك دێتە پێشەوە کە ئاخۆ چیرۆکنووسانی کورد بەئاگابوون لە نەریتی چیرۆکنووسینی رۆژئاواو کاری تێکردوون. یەکەم

نموونەکان کە تا سالآنی 1930 کان بلآوبوونەتەوە پالپشتی ئەم لێکدانەوەیە ناکەن. دەرکردنی جۆرنالە ئەدەبییەکانی *"هاوار"* و*"گەلاوێژ"* نیشانەی هاتنەئارای قۆناخێك بوون لە کاریگەریی گەورەی کورتە چیرۆك. لەم سەردەمەدا کاریگەریی کورتە چیرۆکی رۆژئاوا لە بەرهەمی ژمارەیەك چیرۆکنووسدا دەبینرێت. ئەو کەسانەی کە *"گەلاوێژ"* یان دەردەکردو نووسەرە بەشداربووەکانی ئەو گۆڤارە بەشێوەیەکی تایبەتی بەپەرۆش بوون بۆ بلآوکردنەوەی وەرگێڕانی کوردیی چیرۆکی رۆژئاواییو وەرگێڕانی چیرۆکەکان بۆ سەر زمانی کوردی بە ئاسانترین هۆکار دادەنرا بۆ گەیشتنە ئەم ئامانجە. زۆرێك لە دەقەکانو کورتە چیرۆکەکانو رۆمانەکان لە سالآنی حەفتاکانو هەشتاکاندا تەرجەمە دەکران.

گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسیدا لە کوردستانو پێکەوە لەگەڵ گۆڕانکاریی ئایدیۆلۆجی کاریگەریی گەورەی دروستکرد لە سەر پەرەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی لە سالآنی 1940 کانەوەو تا سالآنی 1980 کان بیری چەپو سۆشیالیستی لە کۆمەڵگەدا بالآدەست بوو و وایکردبوو کە زۆرێك لە نووسەرانی کورد هەواداری ریالیزمی سۆسیالیستی بن.شکستە

سیاسیەکان بە گرێدانی لەگەڵ تەشەنەکردنی فەلسەفەی بوونگەرایی فەرەنسی کەوا لە زۆرێك لە کورتە چیرۆکەکاندا گوزارشتی لێوە دەکرا بە ئەدەبی پووچ‌و بێمانا لە قەڵەم دەدرا. بنەمای ئەدەبێکی بەرەنگاری وەڵامدانەوە بوو بۆ دۆخێکی سیاسیی وا کە نووسەرانی کورد تێدا دەچەوسێنرانەوەو بەرهەم‌و نووسینەکانیان سانسۆری دەخرایە سەر لەلایەن رژێمگەلی ئەو وڵاتانەوە کە ئەم نووسەرانە تێیدا چالاك بوون، لەولاشەوە کورتە چیرۆکی کوردی وەك ئامرازێکی هونەری لەکاردا بوو بۆ پاڵپشت‌و هاندانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد.

لە مشتومڕی ئەدەبیدا لەبارەی چیرۆکی کوردییەوە هەندێ جار جەخت لەوە دەکرایەوە کەوا ئەو گرووپەی چیرۆکنووسان کە بە نەوەی حەفتاکان ناسرابوون تازە سەرکەوتوون‌و گرەویان بردووەتەوە. ئەم جۆرە ئەنجامگیرییە وایادەنێ کەوا نەوەیەکی نوێی چیرۆکنووسان دەساڵ جارێك سەرهەڵدەدەن.

لێکۆڵینەوەی تەواو سەرنجراکێش لە سەر ئەدەبی کوردی وایبۆدەچێت کە لەجیاتی ئەوە نەوە نوێکانی نووسەران لەبەرامبەر قەیرانەکانی مێژووی سیاسیی کوردستاندا دەردەکەون، بارودۆخی تازەی کوردستانی عێراق زیاتر

بەلای ئەوەدا دەیشکێنێتەوە کە نەوەیەکی نوێی چیرۆکنووسان دەربکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لە نووسەران کە سەر بە نەوەی حەفتاکانن تا ئەمڕۆش بەردەوامن لە نووسینو بەرهەم.

لەم دەساڵەی دواییدا زیادبوونێکی بەرچاو هەیە لە ژمارە ئەو ناوانەی کەوا کورتە چیرۆكو رۆمان دەنووسنو بڵاودەکەنەوە لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا. ئەم نووسەرە نوێیانە رەنگە کاکڵەی نەوەیەکی نوێو ئاڕاستەیەکی نوێ پێکبێنن لە ئەدەبی کوردیدا. بەهەرحاڵ مەسەلەکە بە رووماڵ کردنو رەچاوکردنی هەموو خەسڵەتەکانی ئەو بڕە زۆروزەبەندەی ئەدەبی بڵاوکراوە بەرجەستە نابێتو لەجیاتی ئەوە وا باشترە پەیرەویی ئەم سەرنجو تێبینیانەی خوارەوە بکەین:

1 ـ لەکاتێکدا کە پێشتر زۆربەی ئەدەبی کوردی لە باشووری کوردستان بەرهەمهاتووە، کەچی لە ئێستا دەبینین، کەوا گەشە کردنێکی تەندروست لە ئەدەبی هەموو پارچەکانی کوردستاندا هەیە.

2 ـ ئەو زمانەی کەلەلایەن زۆربەی نووسەرە نوێکانەوە بەکاردێت زۆر ئایەخەو لە نزمترین ئاستدایەو فەرهەنگی زمانەوانیشیان تا ڕادەیەك سنووردارە.

3 ـ ژمارەی ئەو ڕۆمانە نوێیانەی بڵاو دەبنەوە لە ڕادەبەدەرە، بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی کە لەلایەن نەوەکانی پێشترەوە نوسراوە. ژمارەی ئەو ڕۆمانانەی لەم دە ساڵەی دواییدا بڵاوبوونەتەوە نزیکەی حەوت جارانی ئەوەیە کە لە تەواوی مێژووی رابوردووی ئەدەبی کوردیدا بڵاو بووەتەوە و زۆرێك لە نووسەرە لاوەکان ئەمڕۆ بە بڵاوکردنەوەی خێرای ڕۆمانێك دەست پێدەکەن.

داهاتووی ئەدەبی کوردی و پێشبینیش لەبارەیەوە تا مەودایەکی زۆر پشت بە گەشەسەندنی بارودۆخی سیاسی دەبەستێ لە کوردستاندا.ئەڵبەتە تەنها چیرۆکنووسێکی ئەندێشە فراوان ئەو سەرکێشییە دەکات کە پێشبینی ئەو داهاتووە بکات.

دوابەشی ئەم کتێبە بیبلۆگرافیایەکە بەناوی چیرۆکنووسانی کوردو بەرهەمە بڵاوکراوەکانیان.

ماوەتەوە دوا وتەم لەبارەی ئەم لێکۆڵینەوە ئەکادیـمیو دانسقەیەی فەرهاد شاکەلی، ئەوە بڵێم کەوا کارێکە تەواو ماندوو بووە پێوەی و هێند وردو پوختە کە بەڕاستی شایستەی دەستخۆشییەو من لە ناساندنو خستنەڕووی بابەتەکانی ئەم کتێبەدا هیچێکی وام بۆ نەمابووەوە لە وەرگێڕانی کرۆکی ڕاوبۆچوونەکانی نووسەرەکەی بەولاوە، بۆ سەر زمانی کوردی.

ئەڵبەتە بەراشکاوی پێ لەوە دەنێم کە لە ناساندنی بابەتەکانی ئەم کارە زانستیەدا رەنگە نەمتوانیبێت مەبەستی تەواو بپێکم و پێموایە کاتێك ناوەرۆکی ئەم کتێبە بەتەواوی‌و بێخەوش دەگاتە خوێنەری ئێمە کە سەرلەبەری کتێبەکە لە ئینگلیزییەوە وەربگێڕدرێتە کوردیو بەهیوام دەرفەتێك برەخسێتو ئەم کتێبە ناوازەیە بکرێتە کوردیو جارێکی تر دەیلێمەوە دەستخۆش کاك فەرهاد بۆ ئەم بەرهەمە بەپێزو تۆکمەیەت.

سەد ئافەرینیش بۆ زانکۆ ئەپسالا لە سوێدو بەشی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکانی بۆ پاڵپشتیو بە ئەنجامگەیاندنی ئەم بەرهەمە ناوازەیە.

سەرچاوە/  کتێبی: کورتە چیرۆکی مۆدێرنی کوردی (بە زمانی ئینگلیزی)

لێکۆڵینەوەی: فەرهاد شاکەلی

# The Modern Kurdish Short Story

FarhadShakely

Uppsala 2016